بەیان لەتیف عەسکەری

# لەتبوون



2016

# LETBW:N

By: Bayan .L Askary



# لەتبوون

بەیان لەتیف عەسکەری

چاپی یەکەم

سلێمانی 2016



- ناوی کتێب : لەتبوون
- بابەت : ئەدەب و مێژوو
- نوسینی : بەیان لەتیف
- دیزاینی ناوەڕۆک : نەجات رۆستی
- تیراژ : 500 دانە
- چاپخانە : بینایی-سلێمانی
\

## پێشکەشە

--------------

بە خوێنی نەبڕاوەی شەهیدانمان ئەنفال و قوربانیانی ژەهرباران بە مەفتەنی کورد و کوردستان و خاکی بێ ناز و دڵە لە بارچوەکانی مەملەکەت و شەکەت و نامورادیان بەهەموو چینی لادێەکانی کوردستان بە بنەماڵەی کۆی شەهیدان دوور و نزیك



## پێشەکی

لە نێو خاکێکی پڕ لە زەڵمەتدا دەوری گێرا مێشی کردە گامێشو ، مێروشی کرد بە فیل قەدەری لە تبووون سەرەتای داهێنانێکی بوو بۆ هەنجن کردنی روحی نیشتمان و لەباربردنی چەمکی سەربەخۆی و ڕاپەڕین و ئازادی و سەلامەتی وە بە فیرۆ چوونی وەرزە گرانبەهاکانی خودی خاکی کوردستان ، هەربۆیە لە تبوون بوو بە هۆنراوە و خامەی نیوە بە ختی ئەم گەلە ستەم دیدەیە...

# ( لەتبون )

دا پیرەم
بەفرچك بونی باوكمەوە
دڵی لەتبوو
باوكم
لەتوونی زیندان
بە پروشی گڕ گیانی
غەم بوو
خۆم لە نیوە اشنابوونی مەلەكەوە
قەڵەم لە دەستمدا كەرتبوو
دایكم
بە شەهید و ونبونی
باوك و رۆڵەی روحی
تەربوو
با پیرەم
بە سووتەنی جەرگ سووتاو
شە پۆلی ئەنفالی پڕكرد



چوار كوری بوو بە دوو
دووش بە نیوە !!!!
شۆڕش
هەرهات ڕوە و سەنگەر
خوێنی لە وڵاتیشدا
نیوە بوو
نیوە !!!
لەم كوردستانەدا
لە تبوو
بە خشرا بە سەر تۆڕی
ازادیدا .....
ازادیش هەر لێرەدا
متبوو
نیشتمانیش لەم حەیبەتا پەرتبوو..

# گوندەکانی کوردستان

بە گشتی بەهەشتی ڕازاوەی سەرزەوین بە لوتکە و چیاو رووبارو کانیاو کارێزەوە ، دابەش بوونی ئەم جوگرافیا ڕەنگینە لەسەر دەستی کردە خودا ، لە نێو ئەم سروشت گەلە و مرۆڤ لەنمایشی دیمەنیان تێرنابێت یاخوداهەر بە جوانی و سەوزە بەهار ئەم خاکە شیرنەمان بۆ بمێنێتەوە لەگەڵ هەوارانی لادێ ، ئازیزانی خوێنەر.

لەم وەسفە کورت خایەنەدا لەسەر شادێیەکانی سروشتی ئەم نیشتمانە پڕ بەهایە مەبەست گەلێك هەبون لە هزری خۆمدا بۆ بابەتی دیاری کراوی ئەم جارە ، هەروەها بەرچاو ڕوونی بارودۆخی لە ئێستادا هەر بۆیە سەردان و دیدارمان بە



چواردەوری هەندێ لەم گوندانەدا کە بۆ ئەم جارەی خامەکەمان شیاوی بەسەر کردنەوەن زۆرترین هۆکاریش بەرکەوتەی کیمیاباران و ژەهر باران و ڕاپێچ کردنیان بوبە نێو نوسینی ئەمجارەمان انشاالله بەردەوامی بەرنامەکانمان درێژەی دەبێت.

کەمێك لەم باسە بخەینە رووله مەڕ کارەسات و یادی ئەنفال سەدەی ژەهر و دەمی ڕژێمی ساڵانی ( 1988) کە زۆرترین خەڵکی بێ تاوانی ئەم هەرێمەی گرتبۆوە وە بەرئەو لێشاوە کەوتوون بە کەسووکاری خۆشمەوە بە تایبەت ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی سۆسۆکانی و معارەزەی کوردی بوون هاوڵاتیانی بە کۆی زۆری یەوە گیانیان فیدا کرد و بەخشی لەسەر دەستی درندەترین ڕژێم کە بە بەعسی عەفلەقی ناسراوبوو .

دیدار و بابەت بۆ ئەم جارەمان کە ماوەی ( 4 بۆ 5) ساڵێکە خستومەتە نێو بەرنامە و خاڵی نوسینەوەی تیشك خستنە سەر هەندێ لەم گوندە ڕازاوانە یە، بە کۆی وێرانەی ناو خودیو زامیان هەر بۆیە بە باشم زانی بۆ ئەم جارە 3 بۆ 4 لەو گوندانە بەسەر بکەینەوە کە دەکەونە سەر زێی بچووك و دەڤەری خاڵخاڵان لەوانەش

یەکەم گوندمان ( گەڵناخاج ) شیرین و دەلال کە بەشێك بووە لە قوربانی دان و خەبات وو شۆڕشگێری وەکو دەروازەی مەملەکەت

ئەم گوندە دەکەوێتە سەر ڕۆخی زێی بچووك بەسەر هەوارو ڕووبارەدا دەروانێت لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناو وێرانکراوە لە ئێستادا ئاوەدانوو سەوز پۆشە کە بەسەر دوو ئاوایدا دابەش دەبێت ئاوای سەروخواروو ئەمەش زۆرجار زۆربەی گوندەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و ناوبراون وەك بلێین وەکو نازناوی لێهاتووە

گەڵناخاج بە هەمان شێوە خاوەن شەهید و قوربانین زۆریشی بەر لێشاوی کلۆ و ڕەوی ئەنفالێ کەوتون .

یەکەم شەهیدیشیان ژن بووە بە ناوی ( خەندان ) لە سالآنی 40 بە دواوە زەمەنی مەلیکەت و شەڕی ئینگلیز و عوسمانی بە هۆی ڕەمی تەیارەوە شەهید دەبێت وە لە پاش ڕووداوەکە بۆ یەکەم جار قائیم قامێکی بە ناو تورك و بە ڕەگەز کاکەی دێتە گوندەکەیان کە ناوی ( ئایدن ) دەبێت وە لەو زەمەندا ئەشکەوتێك دەکەنە کاروان سەرا یان کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی پێش هاتنە ژوورەوەی گوند عوسمانیەکان وەکو ئاسارو ئاش لێکردن ناساندویانە بەئەشکەوتی ( گەچەکە ).

هەر لەوێ بەلەمێکی واتە یەختێکی بچووکۆلانەی قەدمیمان بەدی کرد لەدەم ڕووبارەکە پێدەچێت وەکو ئاسار گرنگیان پێدابێت .

گەڵناخاج سالآنی ( 1963 بۆ 1970) مەلای گەورە و لێهاتووی



تێدابووە و هەم مەلاو هەم وانە بێژبووە بەناوی مەلا ( علی مەحمود ) وەکو وەسفی دەکەن پیاوێکی هەڵکەوتووی مەملەکەت بووە لە زاری کاك عەباسی محمد مستەفای نوێنەر و ئەنجومەنی گوند گوێ بیستی بووین ناوبراو خاوەنی شەهیدن خۆی خێزانەکەی ( بەدیعە خاتوون ) 7 حەوت خوشك و برای ئەنفال و شەهید کاکە عەباسیش دووبرای شەهید بووە لە سالآنی 1970 لە پێناو شۆڕش وو بەرخودان و کوردایەتی خاتوو بەدیعە وەکو خۆی وەتنی دڵم پڕسۆیە پڕە لە ناسۆری ژەهر و کیمیاکە زۆربەمانی کزە جەرگ کرد دۆخێکی پڕاوپڕ لە ناهەمواری بۆ خولقاندین . لەگەڵ وتەکانیاندا ناوی گوندەکەیان خستە ڕوو کە کاتی خۆی عوسمانی هاتۆتە ناوچەکەیان وادیارە سەلتەنەی داگیرکاری عوسمانی زۆران لە گوندەکان ناوگۆڕکردووە چونکە لە زۆربەی ئاخاوتنەکان هەمان بابەت دووبارە دەبێتەوە لە مەڕ جۆری ناوی گوندەکان بە هەر حاڵ ئەبێت هەموو شت واتای خۆی دیاری کردبێت لە ناوەکەیدا هەر بۆیە ڕەنگە ئاسایی بێت جۆری ناوهێنانی چۆن چۆنی هاتبێت هەر مەملەکەت وو ناوچەیەك بە کەرەستەیەك یاخود بە سروشتێك دەوڵەمەندە بۆیە ئەمەش لەوانەیە دەووەم هۆکاری ناولێنانی ناوچەکە بێت

شەرتیش نیە هەمووی هەر لەگەڵ هاتنی داگیرکاری ناودێر بوبێت .

بەڵام کوردبوون هەمیشە مێژوویەکی تاڵی بە دوایدا هاتووە جا گەر لە هەر ناوچەیە و سنورێك بێت و بوبێت .

ئەم گوندە بە پیتەو پڕ لە بەرهەمی سەوزی کشتوکاڵی و سروشتە لە ساڵی 1988 دەکەوێتە بەر لێشاوی هەڕەمی ئەنفاڵ و بەم شێوەیە ئاماری و تۆماری شەهیدانیان تۆماردەکەن زیاتر لە 91 شەهید هەمیشە، سەربەرزن ئێوە شەهیدانم قوربانیان و ناسکە کوردەواریەکانی بەردەم پەتی سێدارە .



**دیداری دووەم :**

بۆ گوندە ڕازاوەکەی ( کانی هەنجیرەی ئیبراهیم ئاغا) و ئەم دەڤەرەش وەکو چەمکی شکۆمەندی خان ئاسا و پادشایەتی خۆی دەنواند هەروەها لە بەرزییەوە خانی هێلانەکانیان بۆ ژیان بونیاتنرابوون لەگەڵ ئەوەی کەمتر ئاوەدان کرابۆیەوە بەڵام دیمەنەکانی لە نێو جوانی ڕازەوەو ڕەنگ ئاڵی بەهاردا سروشتی گوڵزاری بۆنیان لە نێو مێشکی مرۆڤ دا دەنەخشان بە یاوەری خاڵە هۆشیار بچوکۆڵ و مامۆستا هێمن عبداللە گۆپتەپە هەندێ لەو سروشتە جوانەمان خستە سەر زومی کامێراکان بە چەند وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە ، ڕوومان لە ماڵی نوێنەری گوند واتە ئەنجوومەن ( مەولود شەریف ) کردو بە خۆشحاڵی زۆرەوە بەخێرهاتنی کردین لێرەدا دەمەوێ سوپاسی مامۆستا هێمن بکەم ئەرك و ماندووبوونی کێشا بۆ گرتنی وێنەکان ڕێزم بۆی هەیە . هەم کاری فۆتۆگرافی و هەمیش وانە بێژ لە قوتابخانەی گوندی گۆپتەپە بە هیوای سەرکەوتن بۆی لیردا بێنەوەی سەر باسی خۆمان لە ماڵی بەڕێز مەولود و هاوسەرە بەڕێزەکەی بۆ یاوەری گێرانەوەی بابەتی گوندەکان لە مەڕوێرانبوون بەتایبەت شاڵاوی بەدناوی ئەنفال کە خەڵکی گوندەکانی دیکە هاتونەتە

ئەم گوندەی ئەوان و هانایان بۆ ئەمان هێناوە ئەمانیش ئەوەندە بۆیان لوابێت هاوکاریان کردوون ئەگەر نەشتوانرابێت بە خزمەت کردنیان ئەوە لە دەسەلاّتدانەبوە ئێمەش بە هەمان شێوە ژیانمان لە مەترسیدا بووە ئەمە وتەی بەڕێز کاکە مەولود من وەکو خۆم دونیایەك سوپاسی دەکەم ڕێزی زۆرم بۆی هەیە چۆن بەڕاستی ئەم پیاوە نەجیب زادەیە شایەنی هەموو شتێکە بە خۆی و مال و منالّی و خاتوونی و ، مامۆستا هەردی کوری بە پەرۆشیی بۆ باوکی شەهدیم هەروەها ئەرك کێشانیان بۆ گەیاندنی وێنەیەکی باوکی رەحمەتیشم وەفاو فرمێسکەکانی کاکە مەولوود بۆ باوکم هیوایەکی زۆری بەخشی لەوەفای و مەردایەتی سۆز و ورە بەرزی بە قورگی پڕ لە گریانەوە هێدی هێدی باسی چیرۆکی ئاشنابوونی بە باوکم دەگێرایەوە کە کاتێك لە گوندەکەیان وانەی وتۆتەوە کاکە مەولودیش وەکو کارگوزارێکی لاوی سەرکەوتوو لەو دەم کاری کردووە ئەو لەگەلْ تنۆکی فرمێسك جامانەکەی دەکردە مەندیل بۆ سڕینەوەی، خودا لەویش و لە باوکم خۆش بێت ئێمەشیان هێنایە گریان زەمەنی باوکایەتیان زیندووکردینەوە بە تروپەی فرمێسکە وەفادارەکانیان باوکم سالانی 1980 بۆ 1981 لەو گوندە وەکو مامۆستا کاکە مەولود زیاد لە هەموویان هۆگری ئەبێت هەرزوو دەبنە دوو هاوڕێی



پیشە جیاواز بەلاّم گیانی بە گیانی سەرەپاسادەی لە ژین مەگەروانیە فرمێسکەکان بۆ هێشتا هەر دەبارێت دوای وتەکانی رۆیشتنە ناخی ناسینی ناوی گوندەکە کە چۆن ناودێربووە ، بەو ناوەی ئێستای ( کانی هەنجیر ) کاتی خۆی کانیاوێکی گەورە هەبووە دووداری هەنجیری بەسەردا شۆربۆتەوە وە پێدەچێت مالّی ئاغاش نزیك بووە لێوەی بەهەمان شێوە یەکتریان گرتۆ تەوە بەم ناوە ناودێر بووە ئەم گوندەش بۆ دووگوند دابەش دەبێت بەلاّم بە پێچەوانەی گوندەکانی دیکە ئەم کانی هەنجیرەیان کە ناومان بردووە دەکەوێتە سەرزێی بچووك و دەشتی قەلاّ سیۆکە ئەوی دیکەش واتە دووەم کانی هەنجیر دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی قەزای ( دوکان ) کانی خان ئەگەرچی ماوەیان دوورە لە یەکەوە بەلاّم هەلّگری یەك ناون ئەم گەورەو ئەو بچووك .

کانی هەنجیرەش وەکو دەیان گوندی دیکە کەوتۆتە بەر هێرشی بەدناوی ئەنفال و شەهیدی بە خشیەوە بە خاکی جوانی هەرگیز نە رووخاوی کوردستانمان تۆماری شەهیدبونیان بەم جۆرەیە 96کەسی بیّ تاوان و شەهیدن ، یاوەری فرمێسکەکانتانین شۆڕە گوند .

**سێیەم دیدارمان**

بۆ گوندی ( جەلەمۆردی شەهید ) گوندێك لە جوانیی و سەرنج ڕاکێشی بەڵام لە نێو بەهارێکی خەزڵوەردا جوان بە بەرزی گردۆڵەکانی قەدبناری خاڵخاڵان خۆی بونیان ناوە .
وەکو پێناسە بۆ ناوی گوندەکە لە زۆربوونی داری مۆردەوە هاتووە بەوتەی شێخ سەلام چاوشین ئەم لادێیە دەوڵەمەندە بە داری جەل (مۆرد) ئێمە لە ساڵیادی ئەنفالکردنی گوند چاومان کەوت بە کاك شێخ ناوبراو لەمانگی ( 2014/5/13) وە دیارە ئەو ناوەش هەڵگری ناوی خۆیەتی چونکە زۆترین داری لێبەدی دەکرێت لەگەڵ ئەوەی ناوچەیەکی گردەڵانە بەڵام گوێبیستی ئەوە نەبووین کە دوو گوند هەمان هەڵگری ناوبن ئێمەش لەگەڵ ئەم بەرێزانە بە دەم وتەکانی پرۆسە و قوربانیدانیان لە دەڤەر بە ڕێکەوتین لەگەڵ کاك جبار و کاك شێخ سەلام ناوبراوان زۆرێك لە ماڵ و منالّ و خزم و کەس و کارو دۆستانی و ئاشنایان لەم پرۆسەیەدا بێ سەر و شوێن کراون ساڵانی ( 1988) بە کۆی خەڵکی دەڤەرەکانی دیکەوە بەهۆی ماڵ وێرانیەوە رویان لە



چەموو دۆڵی جەلەمۆرد کردبوو ژەهر هورژمی بۆ هێنان و مەرگیش پاڵە بەستۆ لەوانە گوندی ماڵە باوانم گۆپتەپە زۆربەی بریندارانیان گەیاندۆتە هەمان ناوچە بە تایبەت تۆتەقەل و جەلەمۆرد و چوخلیجە . دۆڵی شیوی جەلەمۆرد هاوڵاتی زۆر خۆی یان بۆ پاراستن لە دوژمن لێ حەشارداو مەلاسدا بوو . بەڵام مرۆڤ لای سەیر دەبێت دۆڵێکی وا کاکی بە کاکی دوژمن دەستی پێبگات هەمیشە وەسفی درندایەتی دوژمن دەکرێت بەڵام هەرگیز لە گێرانەوەی چیرۆکی ڕاستەقینەی جاش و خۆفرۆش و هاوزمان نادوێن کە چۆن ئەم جۆرە چیاو زەبەنانەیان پشکنیوە و خەڵکیان بەدەستەوە داوە .
کاك جبار دەیگێرایەوە کە چۆن خەڵکیان پەلکێش دەکرد لە نێو ئەو ئەشکەوتە و کونە تەیارانە دەیان هێنانەدەر بە بەرچاومانەوە هیچ دەسەلآتیش نەبێت کە بە داخەوەم هەر ئەو خۆ فرۆشانە لەم دونیای ئێستادا بە بەخترین کەسانی ئەم هەرێم مەن مالوێرانی و خوێن بەخشینیش بۆ ئێمە و قوربانیان و شەهیدان بە هەرحاڵ باسی خۆمان لە بیر نەچێت کاتێك لەگەڵ ئەو یاوەرانەی باسمان کرد چووینە سەر چیاکە و شیوی گەورەی جەلی مۆرد چاو لە پانتایدا تروسکی نە دەماو سەرگێژدەبوو هێندە چڕوپڕبوو قائیم دوورە دەست لەوساتەدا بیرت لەو دەکردەوە ئاخۆ چۆن خەڵکی

لەم عاسیە جێگەیە دا ، گیراون دوور لە خەیاڵە ئەگەر ویژدان مردۆکان نەبونایە ئەوە هەرگیز ئەو کۆمەڵ کوژیانە روویان نەئەدا بەڵام زوڵم ئەو بیرۆکە نازانێت ئاشی خۆی هەر بە گەڕ دەخاتو ئیسکەکانی پێدەهارێت ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر بۆ هارینی روح ، جەلەمۆرد وەکو هیچ گوندێکی دیکە نەبوو سەرەپاوێران بە ناخوو روح و جەستەی خاکی خۆڵەوە ئەویش بەهۆی دوربون و بێ بەش لە خزمەتگوزاری و کەرتی تەندروستی ژینگەیەك بۆ ژیان بە تایبەت ڕێگەوبان جیاوازتر لە ژمارە و ئاماری قوربانی و گۆمی خوێنی شەهیدانی چرکە ساتی ئەنفال کە زیاتر لە 490 قوربانین بە فیدای خاکی وەتنی ئەم گوندەبم چون زۆر زامارن .

گوندی توتەقەڵ دەکەوێتە ڕێگەی سەرەکی جەلەمۆرد ماوەیەن لە یەك نزیك وە زۆربەی بریندارانی چەکی کیمیای لە خۆگرتووە لەو دەم کە لە گوندەکانی دیکەوە بۆی هاتوون لە چەمی توتەقەڵ و چوخلیجە یەکێك لەو چیرۆکانە کە جەرگ بڕبوون ماڵە باوانی خۆمم بونە کە بەبرینداری لەوێوە گیراون وە هەروەها ئامۆژنێکم لەگەڵ 3 منداڵی لەو دەڤەرە دەمێنەوە شەهید دەبن بە ناوی ( فەهیمە عبدالرحمان ) خێزانی مامۆستا عبداللە عەسکەری هەندێك لە برادەران دەڵێن ئێمە بە دەستەکانی خۆمان هەر لە



جێی خۆیان ناشتومانن ئەم 3 بۆ 4 گوندە سەربەیەك ناوچەن زۆرترین ڕەوی قڕی ئەنفالی لێ ڕوودواوە حکایەتی و حەقیقەتی گەلێکی ستەم دیدە هێندە قورسە باسو خوانی خنکانی بەم کورتە باسانە کۆتایی نایەت زۆرن ئەوانەی لەم پرۆسەیەدا هێدی هێدی لە چاوەڕوانیدا تواونەتەوە . قوربانیانی گوندی توتەقەڵ پێك دێت لە 134 شەهید و ئەنفال بە زیادەوە .

لەچاوی من هەمیشە برینێکی لە بیرنەچووی شای حەشارگە و مەملەکەتی بەزەیی ...

## ( دەریای غەدر )

**هەزارەها نازداری کورد بەهاری**
**تەمەنی رۆی**
**هەزارەها منداڵ ملی شکاو بەردی**
**چیا ڕوحی هاڕی**
**هەزاران تۆراو و کۆچەر پەرشوبڵاو**
**لە دوور خاکی**
**لە نێو خاکی**
**بەهەزاران بەرتیغدران سەریان پەڕاند**
**بە بێباکی**
**هەزارەهاش ئاوارەبوون کەفی**
**دەریا خنکاندنی**



**غەدرو خەجل کوا کۆتایە**
**یەکتر هاڕین لەبن نایە**
**قفڵ عەقڵ لە نێو فکری نەتەوەی**
**جارێ سەختە**
**هەرچی بکەین بە بەرخودان نیە یاسا**
**هەر سزایە**
**نیشتمانی کوردەواری وڵاتەکەم**
**ڕمانت کاروان سەرایە ..**



**شەهید بەهار مەجید قادر**



**وەختی دیداری بەهار هات**

**تروپە بارانی دەڤەری**

**کۆ نەجیب زادەکانی گریان**

**کاتی هەڵوەرینی وەرزی**

**نساری بە کوێستانان**

**سپارد..**

**تێبینی :**

**( بەهار مجید قادر )**

**کچی مەجید ئاغای دەشتی کۆیە و بوکی**

**خاڵە شێخ مەجیدی مامە حەسەن خاڵوانی دایکم لە گۆپتەپە**

**ناوبراو یەکێکە لە ونبوانی وەرزی ئەنفال**

**ساڵی 1988 هەزاران سڵاو لە روحت خاتوونی شەهید و نسار**

**خانی کۆرپەی**

# ( ڕمانی شار )

بۆ کوێ ئەرۆی
ئوغەردەکەی
تێشووی عومرت
بەبائەبەیت
کام کۆچ ؟
چی شارێ ؟
لە چی شوێنی ؟
پرسە بۆ روحت دەگێری
بۆ کێ خاکی جوان جێدەهێڵی
ووڵات وێرانە
قەیرانە قرانە
ژیان نەمانە
ڕمانی شارە



# ( بەغەم )

لە تاقی بێ کەسیدا
بەغەم کۆشکی غەم دروستکرد
بە چاوەڕوانی ئەلفێ لە هەق
هێندە وەستام
دڵم بوو بە بەردی لەشاخ لێك چوو
کە مەعلومە کۆڵی هیجرانم
بە و کۆشکەوە سەنەد بوو
هەروەك و رۆحێکی مردو
لە تاقی غەم
توشی کۆستی و کەڵەك بووم

## ( خەونەکانم )

خەونەکانم هێندە پەستن
هەربەوێنای ئاگرێن
زەردەخەنەی وەکو پایز
تاکو کۆ هەڵدەورێن
بەندی دڵم لە لەرزینە
ساتێ ئۆقرە ناگرن
پە نجەکانیش دوور هاوشێوە
کەچی ئارام ناگرن
خەونی ڕەشم لە شەوبەندا
ساتێك لە چاو ناسرەون
بێ خەتا خۆم
ریشەی غەمم
هێندە زۆرە لە شورای دڵ ناکەون

مانگی 12 ی 2003



## ( کوڕ و باوك )

دەم بە دوعاوە ڕادەوستم
دەگریم بە کوڵ بە گریانێك
هەر لە ئاوی ڕووباربچێ
هەردوو بیلبلەم وەکو گۆمی
لێڵ بەسەرو سیماوەبە قوڕبێ
بەس ئەو ڕوحەم بابەی شیرین
بالە دەوری سەری تۆبێ
نارۆڵە نا من لە دەوری سەری
تۆبم ،
من بە سەرو سیماوە بە قوربم
وەرە یادگاریمان یەك بێت
کاتێك دەبڕا نمان دادێت
تۆ زەردەخەنەو منیش چەکی شان
تۆ ئارام گرتن منیش پاك ویژدان
تۆ ئاسودە بە ببە بە ئاسۆ
رۆڵەم خەباتم ڕە نجم نەدەی بە فیرۆ

## ( میلشیا نیم )

من میلشیانیم کوردم
پێشمەرگەم لە سەنگەرم
خولیای ئاشتی و ئازادیم
هێنەری خۆشی و شادیم
پێشمەرگەم نەك میلیشیا
سادە ژین نە وەکو پاشا
بۆ دوژمن شەیتان ئاسا
لەناوم دەکا حاشا
ملیشیا کوا وەکو منە
بێدەستە جەرگ ونە
وەرە تۆی بە ناو پوختە
کێ ملیشا کێ ساختە..



## ( هەڵمەستەوە )

کەخلیسکا هەڵمەستەوە
وەکو تاریکی خمی بە
هەروەك باڵندە تەریوبە
نەبڕاونە ، نە بزانە
نەلاکەوە
کە خلیسکای هەڵمەستەوە
تاساو مەبە نامۆمەبە
مەلول مەبە
دوونیا وەکو مینا ڕامەگرە
شوشەکانی پارچەکانی
شوراکانی هاتە شکان
مەیدەرەوە
کەخلیسکای هەڵمەستەوە
بڕوانە کوچە و کۆڵانەکان
ئیدی بروانە
شوێن پێیەکان
چۆن لە پێش تۆوە هەڵخلیسکان

# ( تیغی خۆکوژ )

دەخالەت چی قەومێکن
چی دەدرێکی لەناکاوین
بۆ یەکتر زاری کوبرو
بۆ دوژمن شیرین شەکراوین
شاعیر دەڵێت شاخستانین
تورك عەجەم کولوستانین
وەها دیارە داخستانین
بیری تەسکی شکستانین
تەواوکاری چی یە ئیمرۆ
بە تأریخ شایەد خنکانین
کوشتن برین مل شکانین
تیغی خۆکوژ لە ژیانین
چینی ونی تەڵ خستانین .



# ( وەختی ژەهر بارانی مەملەکەت )

کیژ کەژاوەی مرادی
پێچایەوە
دایك گردۆڵەی دڵی
باوك بیلبیلەی چاوی
برا رووحی
خوشك سەرە پا
گیانی
مەملەکەتیش ڕەنگاڵەی
خاکی ...

# بەرچاوو رونی

ئاشکرایە لە نێو پرانسپی نوسیندا ، هەریەك بە جۆرێك ریشەی نۆتەکانی خۆی دەخاتەڕوو وە هۆنینەوە ووشە و ڕستە داڕشتن کارێکی هێندە سووکو ئاسان نیە وەکو ئاوخواردنەوە بێت نوسین کارێکی مەودا وردە لە پراکتیکی ئەکادیمایەکی ورتە نوسین دا لەوانەشە بە کرژۆڵەی زۆرجار تەماشای نوسین بکرێت هەر واش بێتە پێش چاو ، وەسەرنج لە باریش بێت بەڵام مومکینە کتبۆکەکان بچنە ژێرباری ڕەخنە شەوە ، بە هەمەلایەنی پرسیاریش ئێمەش وەکو خامەی تازە نوسەری خۆمان بە تەنگ مەسەلەی نوسینەکەوەین وە بەدڵنیایەوە کاری جدی لە سەر دەکەین بۆ کۆربەستنی تەواوی باس ، هەربۆیە بەم کارە هەڵساوین ، جا هەیە بە کۆڕی پەخشان دێتە ناو روحیەت بابەت هەشە بە لێکۆڵینەوە چەندە ها بابەتی هونەری لەم هەڕەمە نوسیندا ، بەڵام بابەتی قەڵەمێکی و سەرەتای واتەی کارێکی تازەگەری دەگەێنن وە لە بابەتی نوسینەکانی خۆم بە نێو



جەنجاڵی گوندە روخاوەکان دەڤەری ئەنفال و ماڵوێرانبونیان ، وە گەرخستنی قەڵەمێك بۆ سەر لاپەرەی ئەو دەم بەسەرکردنەوەی ئەو مەملەکەتانە تەنیا بیرۆکە یەك بوو لە هزری فکری خۆمدا کە ئەویش لە پاش تەواوکردنی خوێندن لە بەش ( رۆژنامەنوسی ) دا وە بەدەر لەوە دەمێك بوو دەستی هۆنینەوەم وشەی شعرم گۆی کردبوو کە ئەویش لە تەمەنی لاویمدا واتە تەمەنی پەپولەیم ، یەکەم هەستی شعرم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( 1986) کاتێك لە هێلانەی ماڵە باوان بوین لە نێو شۆڕشی و پێشمەرگەیاتیدا وە یەکەم خامەی نوسینیشم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( 2003) کە ئەو کات دانیشتوی وڵاتی هۆڵندا بووم ئەو ڕۆژەش بە یەکەم رۆژی رووخانی صەدامی بەعس لە گۆڕچو و بوو واتە لە مانگی ( 12-2003) کەوتنی بەغداد یەکەم هۆنراوەمی بە گۆ هێنا بە ناوی ( خەونەکانم )

لە پاش ئەوە یئدی بیرم لە گەرانەوە کردەوە دواجار بریاری گەرانەوەی یەك باری مدا لە ساڵی ( 2004) لە سلێمانی گیرسامەوە تاوەکو ئێستاکانێ ، پەیتاپەیتا روە و رووناکی خوێندن هەڵکشام ئەوەبوو تاقی کردنەوەم ئەنجامدا بە دەرچوونەوە ئیدی لە ساڵی ( 2005) بە دواوە ناوم لە کۆلێجی ئاداب کوردی هاتوە لە پاش ( شەش 6) مانگ لە خوێندن لە و

بەشە هەم دیسان دابرام بەهۆی نەخۆشی گەرامەوە هۆڵندا پاش دوو (2) ساڵ جارێکی دیکە گەڕامەوە بۆ کوردستان بەڵام بۆ ئەمجارە بەشەکەم گۆڕی بۆ تەکنیك و بەشی ڕۆژنامە نووسی .بە هۆی دووساڵ دواکەوتنم نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ کۆڵج ئیدی بەردەوام بووم لە خوێندن لە پاش تەواوکردنی خوێندن بیرم لە دامەزراندن نەکردەوە . خۆم تەرخان کرد بۆ بوارێك کە نوسین بوو لە ( 2010) بە دواوە ئەو بابەتەی لە مێشکی خۆم دا کاریگەری هەبوو واتە ویستی نوسینم بۆ دەڤەری ئەنفال و بەسەرکردنەوەی مەملەکەتوو گوندەکانی دیکە بووە ، ئێستاکەش بەهەموو هەوڵێك خۆم بەو ئەرکە هەڵدەستم ڕۆژگارە تراژیدیاکان دەکەمە دەستەواژەی نوسینەکانم ، لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆر قورسوو زەحمەت هەڵدەگرم بە دواچوونی بۆ دەکەم کەسانێك وا هەڵدەسەنگێنن لێرە و لەوێ .

کە من کەسێکی کارێز مام لە پشتە بۆ هاوکاری لە هێنانە کایەی بەرهەمەکانم من دەڵێم مرۆڤ هەرچۆنێك بێت هەر مرۆڤە بۆیە بە بێ پشتیوانی یاخود هەوڵ ڕەنگە ئەرکەکانی قورستربێت بەڵام ئەوە کێشە نیە ئاساییە پشتگیری کردن لە هەندێ کاردا . ئەوەش ئەوە ناگەینێت کە خستنەوەی بەرهەم ئەبێت دەرەکی بێت بە پێچەوانەوە مرۆڤ بە ئازایەتی خۆی دەتوانێت جۆرێك لە



هونەر بخوڵقێنێت بەبێ هاوکاری بەرامبەر من لەگەڵ ئەوەی جیدیانە کار بۆ نوسینەکانی خۆم ئەکەم ، هەمیشە بابەتەکانم هەڵقوڵاوی ناخوو دەروونی خۆمن ، ڕاستیەکەن پڕاوپڕن لە گێرانەوەی تاڵیەکانی نێو دڵ و دەروون، وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مرۆڤێك یاخود کارئەکتەرێکی نوسین بە بێ هونەری لێکدانەوەی خۆی کەس ناتوانێت دەستی بگرێت مەگەر خودی خۆی فکرەیەکی نەبێت . وە من لەم گەشتە نوسینە دا زۆر هۆکار هەن بۆ نوسینەوەی بابەتەکانم نەوەکو دەس گرتنم بۆ نێو بابەت یاوەریم بکەن .

یەکەم ، هۆکارماڵە باوانە شەهیدە کەمە .

دووەم ، شەهید بوون و خەبات مامۆستای باوکمە

سێیەم ، رمانوو ئەنفالی گوندەکانی مەملەکەت و بەتایبەت چەرخ و سەدەی ئەنفالستان .



خوالێخۆش بوو   کاکە حمەی مامە ڕەزا



# ژیاننامەی خوالێخۆش بوو
# کاکە حمەی مامە ڕەزا

شێخ محمد شێخ ڕەزا حاجی شێخ مستەفا حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر ، ناسراو بە کاکە حمەی مامە ڕەزای کەلەسماق ، لە ساڵی 1929 ز لە گوندی کەڵکە سماق لە باوەشی بنەماڵەیەکی ئاین پەروەری شۆڕشگێر و نیشتمان پەروەر چاوی بە دنیا هەڵێناوە ئەسڵ دەگەڕێتەوە سەر شێخانی بەرزنجی ، دایکی ناوی فاتمە خانی کچی حاجی شێخ عارف ) ە کە هەردوو بنەماڵەکە دەچنەوە سەر شێخ عەبدول سەمەدی ) سەرگەڵو .

لە تەمەنی منداڵیدا لە سەرگەڵو چۆتە قوتابخانە قۆناغی سەرەتایی خوێندووە ، بە هۆی ئەوەی ماڵی باوك و باپیری بنەماڵەیەکی ناسراو دیار بوون هەر لە منداڵیەوە خولیای خواپەرستی و ڕێبازی و باوك و باپیری بووە ، هەر لە تافی لاویدا زۆر لە ناو مورید و سوفیانی باوك و باپیری ڕێزی لێگیراوە و ئەویش زۆر سۆفی و مریدی لا بەڕێز بووە ، ئەتوانین بڵێین کاکە حمە هەر لە تەمەنی لاوییەوە بەرنامەی نەقشبەندی و بزوتنەوەی هەقە و برایەتی مامە ڕەزایەتی لە ناخیدا ڕەنگی داوەتەوە و

**پەیڕەوی کردووە ، بۆیە دوای کۆچی دوای خوالێخۆشبوو مامە ڕەزای باوکی بە هەڵبژاردنێکی سەربەستانە لە لایەن براو خوشکانی هەقە بەگشتی و مامە ڕەزاییەکان بە تایبەتی بەرابەری هەقە دانرا ، لەگەڵ دەست بەکاربوونی زۆر بە دڵسۆزانە هاتە پێشەوە و کاروباری هەقە و مامە ڕەزایەتی بەڕێوەبرد لە سەر ڕێبازی باوکی بە تایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی وە ئەو بنەمایانە کە مامە ڕەزای باوکی بوونیّ، بنەما بۆ مامە ڕەزایەتی و ڕێکخستنەوەی ( برایەتی – ڕاستگۆی – دادوەری – هاوکاری – یەکسانی ) هتد کاکە حمە کە سایەتیەکی کۆمەڵایەتی بەرزبوو لەگەڵ زۆربەی سەرۆك هۆز و پیاوە ئاینی و سیاسیەکان دۆستایەتی یەکی پتەوی هەبوو.**

**لە ڕووی سیاسیەوە زۆربەی تەمەنی خۆی بەخشیە گەل و نیشتمانەکەی و بەشداری لە شورشەیەك لە دوایەکەکانی گەلەکەمان کردووە و کەسێکی راستگۆ و نیشتمان پەروەرو نەترس لە هەموو شتێك بوو لە پێناو گەلەکەیدا ، لە شۆڕشی ئەیلول بە شداری کردووە خۆی و بنەماڵەکە براو خوشکانی مامە ڕەزای کە لە ساڵی 1963 ز نیە وە لقێك پێشمەرگەیان هەبووە بە سەرپەرشتی کاك عبدولحەمیدی مامە ڕەزاو مامە ڕەزاییەکان ، وە لەم بەشداری کردنەشدا لە زۆربەی ناوچەکانی**



**کوردستان شەرە سەختەکاندا کۆمەڵێك شەهید و قوربانیان بەخشیوە بە گەلەکەیان ، بەهۆی بەشداری کردنیان لە شۆڕش لە ساڵی 1963 ز تا ساڵی 1975 ز – ماڵی کاکە حمە حەوت ( 7) جار گوندی کەڵکە سماق و خانەقاکەیان چۆڵ کردووە بەمەش سەروەرییەکی گەورە بۆ خۆیان تۆمار دەکەن .**

**لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەهەمان شێوە کاکە حمە بە پشتیوانی براو خوشکانی مامە ڕەزای بەشداریان کردووە و خانەقاکەی دەبێتەوە ناوەندێکی پێگەیاندنی پێشمەرگە و شۆڕشگێران .**

**خوالێخۆش بوو کاکە حەمە کەسایەتیەکی زۆر دڵفراوان و پاك و لێهاتوو بوو لای هەمووان خاوەن ڕێز بوو ، دادپەروەر و ئاشتی خواز بوو هەرگیز حەزی بەناکۆکی و ئاریشە ی ناوکۆمەڵ و شەری برا کوژی ناو پارتەکان نەدەکردوو دژی هەموو ئەو کارانە بوو کە مێژووی گەلەکەمانی پیّ لە کەدار بێت .**

**زۆر کات ڕژێم و دەزگاکانی عێراق هەوڵیان داوە پەیوەندی هەبێت لە نێوانیاندا بەڵام هەرگیز قبوڵی نەکردووە دژی دوژمنانی گەلەکەی وەستاوەتەوە کاکە حمە لە ساڵی 1986 ز دا کە ڕژێمی عێراقی دەستی کرد بە ڕێگەگرتنی گوندەکان و وێران کردنیا بڕیاری دا بۆ بە هێزکردنی ڕیزەکانی شۆڕش و**

بەرگری کردن لە لە ناوبردنی گەلەکەمان روی کردە ناوچە ئازادەکانی دەشتی کۆیە و بناری خاڵخالآن دەستی کرد بە کۆکردنەوەی مامە ڕەزاییەکان بۆ پێشمەرگایەتی لە ناو ڕیزەکانی ی. ن.ك .دا تیپێك پێشمەرگەی قارەمانیان دروست کرد لە کور و برامامە ڕەزاییەکان و برازاکان و خزمەکانی بە ناوی تیپی 29 ی کەڵکە سماق کە شێخ هاوڕێ کاکە حمە فەرماندەی تیپکە بوو کاکە حمە لەکاتی ئەنفالەکاندا خۆی بەشداری لە مانەوەی ناوچەی خاڵخالآن و شوان کرد بۆ سەرپەرشتی و ڕزگارکردنی خەڵك و برا پێشمەرگەکان دوای ماوەیەك لە ( اختفاء) هاتۆتە ئێران و لە شاری سەقز نیشتەجێ بووە ،

دەوڵەتی ئێران داوای کردنەوەی علاقاتی لە کاکە حمە کرد بەڵام قبوڵی نەکرد وە لە ساڵی 1991 ز دا کە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان دەستی پێ کرد کاکە حمە دەوری زۆر گەورەی بینی و ماڵ و خانەقاکەی خستە خزمەت شۆڕش .

بۆ هەڵبژاردن و پەرلەمان و دروست کردنی هەرێمی کوردستان بە پێی توانا هاوکاری و پشتگیری تەواوی کردووە .

کاکە حمە هەمیشە هەوڵی ئاشتی و ئازادی دەدا بۆ گەل و نیشتمان زۆر بوێرانە ڕووبەرووی هەموو کارێکی نەشیاو دەوەستایەوە ، بەڵام بە داخەوە کاروانی ژیان ڕێگەی پێنەدا ئەو



هیواو ئاواتانەی چەندین ساڵ خەباتی کرد لە پێناویاندا ببینێت .

بەهۆی نەخۆشییەوە لە شەوی ( 24/23 – 10–1997) لە گوندی کەڵکە سماق لە خانەقاکەیدا کۆچی دوایی کرد ، لە تەنیشت خانەقاکەی بەخاك سپێرا .

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی خاوەن هەڵوێست و نیشتمان پەروەر و ئاشتی خوازی گەلەکەمان خوالێخۆش بوو کاکە حمەی مامە ڕەزای کەڵکەسماق .



شێخ هاورێ کاکە حەمە



# ژياننامەی
# شێخ هاوڕێ کاکە حمە

شێخ هاوڕێ شێخ کاکە حمە شێخ مامە ڕەزا حاجی شێخ مستەفا لە ساڵی 1959 ز دا لە گوندی کەلکە سماق سەربە قەزای دوکان لە باوەشی بنەماڵەیەکی ئاینی نیشتمان پەروەر هاتۆتە دنیاوە ، دایکی ناو خەجیجە خانی کچی حاجی شێخ عبدولکریم ) ی شەدەڵە شێخ هاوڕێ تەنها خوێندنی سەرەتای خوێندوە بە هۆی ئەوەی بنەماڵەکەیان لە شۆڕشی ئەیلول بە شداربوون و لە ساڵی 1963ز تا ساڵی 1975ز بەردەوام ئاوارەی ئەو گوندانەبوون کە قوتابخانەیان تیا نەبووە ، لە ساڵی 1975ز شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێناونەکەی بەسەرهات گەڕانەوە گوندی کەلکە سماق و لەگەڵ گشت خێزانەکەی خەریکی کاروبارو فەرمانی خانەقەکەیان و خزمەتی براو خوشکانی مامە ڕەزای .

لە ساڵی1976 ز خێزانی پێك هێناوه لەگەڵ نازەین شێخ حمه
تاهیر شێخ حمه امین مەلحە هاوسەرگیریان کردووه، هەر لە
هەمان ساڵدا پەیوەندی کردوه بە شۆڕشی نویٚ لە ڕیزەکانی (
ی.ن. ك ) بە باڵی سوشیالستی زانستی و ئیش و کاری
ڕێکخستنی کردووه زۆرجار  توشی لێپێچینەوه بووه لەلایەن
دەزگاکانی ڕژێم تا کو گرتنیش دواجار لە ساڵی 1986 ز وەك
گوندەکەیان بەر شاڵاوی دڕندانەی ڕژێمی بەعس دەکەوێت بەرەو
دەشتی کۆیە و بناری خاڵخالاّن ئاواره دەبن لەگەڵ گشت
بنەماڵەکەیدا لە هەمان ساڵدا ئەێت بە پێشمەرگە و بەشداری
شەرەکانی شاخی کەلکە سماق دەکات ، بۆیە بە ئەمری کاکە
حمەی باوکی و مامە ڕەزاییەکان بڕیاردەدەن تیپێك بکەنەوه ، بۆ
ئەم مەبەستە سەردانی جەنابی مامە جەلال دەکەن و تیپێك پێك
دێنن لە بنەماڵەی مامەڕەزا و کوره مامە ڕەزاییەکان بە ناوی
تیپی 29 ی کەلکە سماق سەر بە مەڵبەندی 2 دووی ( ی.ن.ك)
شێخ هاوڕیٚ ئەبێتە فەرماندەی ئەو تیپە ، ئەم تیپە بەشداری
شەرەکانی سەرکردایەتی ئەنفال و مەڵبەندی سیٚ و قەندیلی
کردووه و لە 1988/2/26 ز و تا 1988/8 لە چل (40) شەهید
زیاتری هەیە ، لە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە پشکی گەورەی
بەرکەوتووه نزیکەی سی (30) شەهیدی هەیە کە زۆربەیان



فەرماندەبوون لە 1988 ز چۆتە ئێران و لە شاری سەقز
نیشتەجیٚ ئەبێت ، لە ڕاپەڕینی 1991 ز دەوری بەرچاوی
هەبووه لە قەزای دوکان – سلێمانی – کەرکوك ، بۆ هەڵبژاردنی
پەرلەمان کاری کردووه بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە ن بۆتە ئەندامی
ناوەندی کۆمەڵایەتی سلێمانی سەر بە مەکتەبی کۆمەڵایەتی (
ی.ن. ك ) تا خانەنیشن بووه ، دوای وەفاتی باوکی لە لایەن براو
خوشکانی مامە ڕەزای و بە هەڵبژاردن لە لایەن نوێنەری گشت
ناوچەکانی هەقە و مامە ڕەزای تیایە بەرابەری هەقە و مامە
ڕەزای و سەرپەرشتیار خانەقای کەلکەسماق دانرا ،
لەو کاتەوه لە ساڵی 1997 ز ، وه تاکو ئێستا بەردەوام لە
خانەقای کەلکەسماق نیشتەجێییە لەگەڵ تەواوی خێزانەکەی .
شێخ هاوڕیٚ – 2 کچ و – 4 کوری هەیە .
کچەکانی بەناوی – شیرن و هاوژین و کورەکانی بە ناوی –
سەرەوەر و سەرتیپ و سەرکۆ سەر خێڵ .

# ژياننامەی خوالێخۆشبوو
# مامەڕەزای کەڵکە سماق

ناوی شێخ ڕەزا حاجی شێخ مستەفا حاجی شێخ ڕەزا ) عەسکەرەی ، ناسراوو بە مامەڕەزای کەڵکە سماق لە ساڵی 1905 ز لە گوندی شەدەڵەی سەر بەناحیەی سورداش لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئاینی نیشتمان پەروەر چاوی بە دنیا هەڵێناوە ، دایکی ناوی ئامینە خانە و کچی شێخ عبدولسەمەدی قازی سلێمانیە کە هەردوو بنەماڵەکە بە ئەسڵ دەچنەوە سەر شێخانی بەرزنجی .

مامە ڕەزا بۆ فێربوونی خوێندەواری لای مەلا خوێندویەتی و زمانی – عەرەبی – فارسی زاینوە لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و لە مێژووی گەلی کوردو گەلانی موسڵماندا شارەزاییەکی باشی هەبووە .



مامە ڕەزا بەهۆی ئەوەی بنەماڵەکەیان ناسراودیاربووە وە تەریقەتی نەقشبەندیان هەبووە هەر بە گەنجی لە سەر دەستی حاجی شێخ عبدولکەریمی برای تەریقەتی وەرگرتووە و بووە تە یەکێکە لە مریدە زاناو بەتواناکانی شێخ عبدولکەریم و ئەبێتە خەلیفەی بەم هۆیەوە لەناو سوفی و مریداندا دەردەکەوێت ئیرشادی خەڵکی دەکات ، وەهەروەها پیاوێکی هاوچەرخ و بیروباوەڕ پێشکەوتوو بووە حەزی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەلی کورد و چینە چەوساوەکان کردووە ، لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی سەردەمی خۆی پەیوەندی باشی هەبووە کەسایەتیەکی خاوەن ڕێز بووە ، هەر بەو هۆیەوە کە کەسایەتیەکی دیاربووە چەند جارێك گیراوە و دوورخراوەتەوە جاری یەکەم لە ساڵی 1934 ز دا کاتێك شێخ عبدولکەریم دەگیرێت و مامە ڕەزا و حاجی شێخ عارف سەرگەڵۆش دوور ئەخرێنەوە بۆ حەویجە ، جاری دووەم لە ساڵی 1940 ز دا بووە جاری سێیەم لە ساڵی 1944 ز دا دوور ئەخرێتەوە بۆ گرتوخانەی عەمارە ، ئەم جارەیان برواو خوشکی مامە ڕەزای ماڵ و سەروەتی خۆیان ئەفرۆشن و بە جێی ئەیەڵن بەرەو کەرکوک دەکەونە ڕێ کە ژمارەیان لە ( 12) هەزارکەس زیاتربووە

، ڕژێم ناچار دەکەن مامە ڕەزا ئازاد بکات بەڵام هەر دووری دەخەنەوە بۆ هەڵەبجە و بیارەو سلێمانی بۆماوەی ( 5) ساڵ .
مامە ڕەزا زۆر جاری تر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە بەڵام بەهۆی ئاسۆ فراوانی و ئاشتی خوازی خۆی کارێکی وای نەکردووە کە بەڵگە بە دەست دوژمنەوە بدات ، بۆ نموونە لە کاتی دورخستنەوەی لە ساڵی 1946 ز کە کۆماری مهاباد ڕاگەیەنرا مامە ڕەزا بڕیاری بەشداری کردنی مادی ومەعەنەوی کۆمارەکەی داو نامەی نوسی بۆ نەمر شێخ ئەحمدی بارزان و ( 40) برای مامە ڕەزای نارد بە چەك و کەرسەی سەربازی و نامەی بۆ کۆمار نووسبوو ، وە هەروەها لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئاشتی خوازانی جیهان یاداشتێکیان نووسی بۆنەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە  گەورەکان دژی شەڕ و کوشتار داوای ئاشتیان کرد ئەو یاداشتە لە ڕێگەی ( شێخ عبدولکەریم ماشتە ) ( الماشتە ) گەیشتە خزمەت مامە ڕەزا و واژۆی لەسەر کردووە ، بەمەش مامە ڕەزایە ئاشتی خوازێکی جیهانی دادەنرێت  هەرچەندە ئەندامی ئاشتی خوازانی عێراقیش بووە ، مامە ڕەزا کەسێکی نیشتمان پەروەر و ئاشتی خواز پێشکەوتووبووە بە گشتی پشتگیری لە نیشتمان پەروەران کردووە ، مامەڕەزا و مامە ڕزاییەکان لە ساڵانی 1944 ز دا خۆپیشاندانیان داهێنا بە



هێمانەو بێ چەك و توند و تیژی بەڵام بە داخەوە لە ساڵی 1953 ز دا لە کاتی نوێژی بەیانی و لەسەر بەرماڵ تووشی نەخۆشی شەلەل دەبێت ،هەرچەندە نەخۆشیش دەبێت سەرپەرشتی براو خوشکانی مامە ڕەزای دەکات تا دواجار لە شەوی 1961/2/25 ز دا کۆچی دوای دەکات و تەرمەکەی لە مەرقەدی شەدەڵە بە خاك دەسپێرێت .
گیانت ئاسودە ئەی ئاین پەروەر و نیتشمان پەروەر ئاشتی خوازی کورد و جیهان  مامەڕەزا .

# سوپاس و پێزانین..:

دەمەوێ لێرەدا گەورەی ماموٚستایانی بەشی هونەری هەڵەچنی و دیزان کردنی پەرتوکم بنرخێنم کە ئەوان تاقە هاوکارمان لە بەڕێوەبردنی ب چاپ گەیاندنی خامەکانم ئەوانەش هەریەکە لەم بەڕێزانەن ...

-م. نەجات رۆستی

-م. عبدالکریم شێخانی

- شێخ هاوری کاکە حەمە

-رەهبەر سەید ئیبراهیم

کە زۆر سوپاسیان ئەکەم بە هاوکاری چاپ و بەدواچونی بەرهەمەکەم ڕێزی بێ پایانم بۆیان هەیە لە کۆتایدا سوپاسی هەموو لایەك دەکەم کە رۆژێك، بە وێنەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتێکی نوسینەکەم یاوەری کردوم بە هیوام خودا جەزای خێریان بداتەوە بە سەرکەوتن بۆ ژیانیان تەندروس باش ئاواتمە



بۆیان وە سوپاسی ئێوەی خوێنەر دەکەم بە داوای لێبوورنەوە لە کەم و کورتی و چاوتان ماچ ئەکەم .